# خەج و سیامەند

(چیرۆکی عیشقێکی بێ سەمەر)

## گێڕانەوەیەکی تری داستانی

## خەج و سیامەند

بەدەستکارییەوە ( ـ )

## دڵشاد مستەفا

## ئاوازو مۆسیقای

## سەلاح ڕەوف

کۆرس:

ئەمان ئەمان ... ئەمان ئامان ..ئەمان ئامان ...
[من لە قاسیدێ دەگەرێم
بست بەبستی ئەم سەرزمینە تاریکە
من لە قاسیدێ دەگەرێم
شار بەشاری ئەم نیشتمانی ئازارە]2
تەی بکات و
لە کەشکۆڵی تەلیسماوی یادی خۆیدا
چی چیرۆکی عەشق هەیە
چی سەربووردەی ئەوین هەیە
بە تاڵی حەرفی ئاوریشمی بینوسێت و
لەنێو تەوژمی شاباڵی فڕینی پەروانەیەکدا
[دەمەو سەحەر بیدا لەیەخەی گەردون و عەرشی خودا]2
زۆر لەمێژە من لەقاسیدێ دەگەرێم
بمباتەوە سەرزەمینی ئەو حکایەتە شیرینە
بۆ نیشتمانی ئەوین و بۆ نێو قەڵبەزەی رۆح سوکی
لاوکی عیشقی سیامەند
[ئەو دەمە پێدەشتی روانینی دەبێتە

دوو چاوی باز پڕعیشوه و ناز]2

[تریفەی ئەوینی خەجێ خان2

دەکاتە توێشوی ڕێگەیی و ڕێگە دەبڕێ ڕوەو هەوراز]2

مۆســـــــیقا

[ئەم وڵاتەهەر بەتەنها نیشتمانی بەرخودان و

لانکەی شۆڕشی ئازادی و

بێشەی بەوری جوانمەرد نییە]2

هەر لێرەوە [ هەزاران روبارە شیعرو

سەدان دەریاچەی چیرۆکی عاشقانە و

پڕ لەئەندێشە سەوز بوون]2

مۆســـــــیقا

[لەنێو بەندەن و خەرەند و لەبەربینەی چیاکانا

لەپێدەشتی رەنگاو رەنگ و لەنێو دەوەنی کوێستانا]2

[بەهێندی پانتایی گەردوون ئەندازەی بڵندی ئاسمان]2

کیژە شۆخی دڵدار هەن و

لەگەڵ سەدای سترانێکی پڕ لە سۆزدا

[رستە مرواری عاشق بوون دەهۆننەوە

وەک گوللە بەند بۆ بەرسنگی کوڕوکاڵان]2

مۆســـــــیقا

[ئەگەر رۆژێ رێبوارێ هات و پرسی

ئەگەر رۆژێ مێژوویەک هات و نوسی]2

[پێی بڵێن ئێرە سەرزەمینی عەشقە

رەوەزی ئەوینی لاوانی وڵاتە]

[گەر شنەی ئاشتی بێ شەڕی شوم بەدوور بێ]2

بروانە : ئێواران کەنیگای ئەنگۆرەی خۆرنشین

خۆی دەکا بە هەرددرا تابلۆیە بۆ روانین

(ئەو دۆڵ و پێدەشتە)2]2

[بنوسە ئەی دۆستی بە ئینساف
نیگاری کوردستان وەک باخی بەهەشتە .]2
مۆســـــــیقا
[سالانێ لەمەوبەر لەبنار کێوێکی ولاتم
سێبەری عیشقێکی موبتەلا بە ئازار]2
[بلند بوو گەیشتە هەورێکی بالا بەررز]
[لەوێندەر لە عەرش و لەتەختی یەزدانا]2
بوونە یەک چریکەی ئاسمان وسەدای ئەرز]2
مۆســـــــیقا
سیامەند ئەوکورە جوامێرو پۆشناخە
ئاگرێ لەسینەی بەربووە
گەرزنەی ئەوینی خەجێکەی نەگاتێ
ئاستەمە سوتانی بەرەو ژان سەر نەکا
ئەو گرەی ئەوینی کپ ببێ و نەسوتێ
خەجێ خەجێ
رەنگ رەیحانەی چاو بەلەکێ/جاو بەلەکێ
کولم ئالێ قەد چنارێ/ قەد چنارێ
[پرچی لول و زولفی چین چین
بەسەر بالای زرافیا دێتە خوارێ]2
خەجێ خەجێ
برۆ کەوانێ ... لێو قەیتانێ سەدای وەک سروەی بەیانێ
کەمەر باریک .. مەمک توندێ گەردن کێلێ ، مەست حەیرانێ
نیگا شیرین ، لەبز جوانێ رۆح سوک وەک پەری یەزدانێ
[سیامەند لاوخاسی دەڤەرێ.. ئازاو چەلەنگ
رۆلەی هەمیشەی مەیدانێ ......قیت و قەشەنگ]2
بەورەی جەنگ و لێو بەخەندە بۆ جێ ژوانێ
هەموو رۆژێ دەم ئێواران کورو کالان

لەچیاو دوند دەهاتنە خوار
کوڕە عاشقی دوێت مامێ خۆ
لە (گازنان ) لە وەنەوشان
چەپک چەپک  دەستە دەستە
لەگوڵ بۆن خۆشانی دەچنی
بۆ بەرۆکی نازدارێ خۆ و
بۆ کەزیەی ئەویندای خۆ
مۆســـــیقا
ئە و دەمەی دەچووە جێ ژوانی پێی دەوت :

سیامەند :

[کیژی پەریان....... هەوارگەی دڵ]2
چەند ئاواتمە لەجێی گوڵان
قامکەکانم  لەنێو رەوەزی پرچت نێم
ئەم چەپکانە بۆ بەرۆک و دوو سێیەکیش لەو گوڵانە
لە گوێچکەت نێم لەجێی گوارە
تا رۆژێ دێ ئاوێزانی رۆحت دەبم
لەجێی گوڵان خۆم لەبەرۆکت دەئاڵێم

کۆرس:

خەجێ کیژۆڵەی شەرمنی نێو ماڵان
بە تریفەی نیگایەک شیرینتر لە هەنگوین
هێندەی تر بڵێسەی ئەو عەشقە خۆش دەکا
تا رۆحی سیامەند دەفڕێنێ بۆ ئاسمان
کە سوسەی ئەم عەشقە دەگاتە لای عەشرەت
کە خەونی رەنگینی خەجێ خان دەبینرێ
خەج دەزانێ ژیانی پڕ ژانەو
باوانی زەحمەتە بیدەنە سیامەند

کۆرس :

ئەم ژانە بڕیاری خۆی دەویٚ
ئەم کۆسپە ئارامی خۆی دەویٚ
مۆســـــیقا
هەردەبیٚ پیٚ بنێن بە یاسای عەشرەتدا و
لەو تەونە قورتار بن
وا نەبیٚ غەمێکی قورستر لە بەژنی چیایەک
دڵی ئەم هەوارە پڕ دەکات لە حەسرەت
غوباری مەینەتی سیمایان لێڵ دەکا
ژانێکی ئەبەدی بڵێسەی پرمەینەت
ئیدی هەردوکیان ئارامیان لیٚ بڕا
هەردوکیان پێکەوە بڕیاری خۆیاندا
بۆ ئەوەی خونچەی ئەو ئەوینە نەوەریٚ و نەژاکیٚ
پێکەوە بەرەو شوێنێکی نادیار ڕوشتن و هەڵهاتن
ویٚ شەویٚ لەیەک دوو بستۆکان ئاوا بوون
بەرەو ئامێزی داڵدەی دڵداران
چیای سەربەرزی کێلەسپیان چوون
نیوە شەو بۆ پشوو لە بەر تریفەی مانگەشەو
سەر دەنێن بەسینەی پڕخەمی یەکەوە چاوەڕیٚ سەرگەردان
شەو دەزرنگێتەوە خاتو خەج چاوانی پرشەوقی لێک دەنیٚ
تا سبەی رۆژ دادیٚ سەر لەناو ئامێزی سیامەند دادەنیٚ
مۆسیـــــقا
سیامەند هەردان پێو کوڕی دلێری نێو کێوان
وی شەویٚ چاوەڕیٚ تاسبەی ئێشک دەگریٚ
جار جاریٚ بە چرپە بەسیمای دڵبەریا هەڵدەگوت
جارجارەش  وەک رازی سیا بەخت پێی دەوت :
گەر لەرۆژێکدا مردم ،پڕهەوری گریان بوو

نیگاهت له نیوەند رۆحمدا جێ بێڵە
دەستم بدە دەست هەورو
بەگەڵای پایزی ئەوینم بسپێرە
مۆســــــیقا
سیامەند دەفکری سبەینێ دایە
گەر خوا نەکردە بەر لەوەی خۆرهەڵبێ
باوان و قەومی  خاتو خەج بگەنێ ..
چۆندەبێ وچی دەبێ

کۆرس :

خودایە چ دەبێ گەر ئەو دووە لە ئامێزی یەک بسرەون
چ دەبێ لە تۆڵەی بەزەبری عەشرەت و رقی خێڵ
لە چرۆی پشکوتوی ئەو عەشقە بگەڕێن
مۆســــــیقا
بەیانەو سپێدەی ساڵحان
چاوی خەج و خۆر پێکەوە هەڵهاتن
سیامەند شەکەتی شەوێ بوو
سەری لەسەر رانی دڵبەرێ خۆدانا.
خەجێی خۆشخوانیش بە نازو بە غەمزە
بەلاوک وحەیران و بەقەتار بەسیامەندیدا هەڵدەگوت
تا خەوی شیرین،، بێ ڕەنگین بێ  وەک گوڵی نەوبەهار
مۆســــــیقا
لە پرتاو سروشتی دڵرەقی کێوان
یان دەستی ئەنقەستی زوڵمی مەرگەوەڕ
چلویەک کەڵە کێویان پەیدا بوون
بەتەنێ کەڵە گچکەی هەمویان
بێباک بەگژی هەمویاندا چۆو
خەجێ سەرقاڵی ئەو دیمەنە بوو،

دەستی لە نێو دەستی یارە
بەئاستەم سەرپەنجەی گوشی
تا ببینێ ئەو نیگارە
سیامەند بینی بەزمی کێوییەکان
ڕوی کردە خەج و پێی ووت :

سیامەند :

ئەمنیش وەکوو ئەو کەڵە چکۆڵە
دەگەڵ گشت براکانتم پێ دەکرێ .
وادەچم ئەو کەڵە زۆردارە دەکوژم
سەری براوی وی کەڵە لۆ تۆ دەهێنم

کۆرس :

خەجێ چی کردوو چی کۆشا بە هاوار .. ئەیقیژان

خەج:

هەی مەکە سیامەند مەکە .. بابان وێران مەکە
وانییە ئەی هاوار، وانیە لێ گەڕێ
دڵم پێم دەڵێ سامناکە مەچۆرە خەرەندێ
سیاکەم لێی گەڕێ بابڕۆێن با هەڵێین
وپێکەوە بگەینە مەقسەدێ

کۆرس :

سیامەند یەکەم تیر هاویشتی ئەنگاوتی
هەڵمەتی بۆ بردوو گەیشتێ
هەرلەو دەمەیدا کەڵە گچکۆلەی بزێوی سەر سەخت
چوار پەلی لێک داو سەری راوەشاند
سیاخلیسکا و کەوتوهەڵدێرا ،کەوتە سەر لقی تیژی دار بەنێ
خەجێ خان قیژاندی،نالاندی، ئەو زامە سەختانەی سیامەند گریاندی
بە قوڵپی گریانەوە دەیگوت :

خەج :

من ویستم تۆڕابی و دیمەنی ئەو کەڵە ببینی
تا خەم و تاڵاوی نێو دڵت دەرهاوی
چەندم وت دەستی من داوێن بێ چیم ناوێ با لێرە قورتاربین
بە فریای خۆ کەوین لەحەسرەت رزگار ببین
مەناڵە سیامەند مەناڵە،گیانی خەج مەناڵە
گەر زامت بەمەرگ و بەجەستەم چاک دەبێ
گەر سینەی پڕ خوێنت بەرۆحم سارێژ بێ
دەتدەمێ، مەناڵە گیانی خەج مەناڵە ..
مۆسیقا

کۆرس :

بە سینەی زامەوە بەژانی چل برین ، چل شەقی نێو جەستەی
دڵی هەر بۆ خەجێ دەسوتێ و بە هاوار پێی دەڵێ :

سیامەند :

توبی و خودا خەجەکەی نێو دڵان
بە چاوی بەڵەک و حەیرانەوە مەگری
توبی و خوا خەجەکەی نێو رۆحم
فرمێسکێ لەو کانی رۆشنی چاوانەت مەڕێژە
ئازیزم .. بەهێندەی لەبەرئازاری خۆم ناڵینمە
دوو هێندەش بە گریەت دەچمەسەر تاڵی مەرگ .
مۆسیقا

کۆرس :

بۆ قەدەری ئەم ویردەو بۆ ئەم سەر بووردە تاڵە
باهۆزی ئازارێ لەناخا دێ و دەچێ ناڵینی رۆحمانە
بۆ عەشقی بێ سەمەر بۆ غەدری زەمانە و بۆ عومری پڕ هەدەر ..
بروانە کازیوەی ئەم حوزنە چۆن ئاوێزانی هەورئەبێ

بروانە نیگای پڕئەسرینی خەج و سپێدەی بەیانی
دوو هاوڕێ و شاهیدن  بۆ زەبری ئەم جەورە پڕژانە

خەج  :

سیامەند پسمامی گیانی گیان بۆ وات کرد
سیامەند هەوێنی ژیانم بۆ وات کرد
من بۆ تۆ چل براو باوانم بەجێ هێشت
من بۆ تۆ نەهەنگی عەشرەتم ویڵ کرد
پشتم لە سپیان کرد ، سەری خۆم هەڵگرت
مەناڵە سیاکەم مەناڵە، مەناڵە گیانی خەج مەناڵە

سیامەند :

خەجێ مەگری مەرگی من هێند نییە بۆ حوزنی نەفرینی
ئەورستە مرواری ئەسرینە هەڵوەرێ
کۆچی من ئەرزشێ وای نییەهەناوت پڕ بکات لەبای وەشت
مەسوتێ بۆ عومری ناکامم ئیدی ئەو تێپەڕی و،گوزەشت
ئەمێستا ئەی گوڵە بەیبوونەی سەر کێوان
کە مردم وەسیەت بێ لەسەر ڕێی بێریان بمنێژە
هیچ نەبێ، حەوتویەک چەند جاران ڕێت دێتە سەر گۆڕم
ئەو دەمەی گەزیزەو پەرێزم لەدەورا شین دەبن
کیژۆڵان ئاسکۆڵەی جحێلی نێو خێڵان
دەپرسن کوا گۆڕی سیامەند لەکوێ یە ؟
تۆش بە عیشوەو نازەوە لاقێکم لەسەرنێ و بڵێ
ئەوەتاگۆڕی سیامەند ئەوەتامەزری عاشقان

کۆرس :

ئەو کیژە روتەنک و شەرمنەی نێو ماڵان
کەبینێ رەوەندی خێڵ وا دێن وچل برای چەلەنگی پێشرەون
وەلێ ئەوهەر لە هاوار ناکەوێ و هاواردەکاو دەڵێ :

خەچ :

دەگەلی دەهۆزێ  دەبرادەران ،دە گەلی دەخوشکان،
کیژانی شۆخ و شەنگی دەزۆزانێ
وا رۆحی سیاکەمە دەرواو دەگاتە ئاسمانێ

کۆرس :

براو خێڵ وکوێستانیان دەزانن
بە بڵێسەی ئەو زامە خەجە خان دەسوتێ
دەترسان خۆ هاوێ  بگاتە سیامەند
هاوار دەکەن: هۆ خوشکی چل برا
لێگەڕێ تو بی خوا هێوربە و بە هۆش بە
سیامەند تازە وا لە زاما نقوم ئەبێ
با خەمی زراریان هێندەی تر زیاد نەبێ .
خەج دیتی وا رۆحی سیامەند بەڕێ چوو بۆفردەوس
خەج زانی بۆ دواجار بەدووچاو سیامەند دەبینێ
بۆ دواجار بڕیاری خۆی دەداو بەچەشنی تەوارێ بریندار
باهۆزی ناڵینی هەڵدەکا و دەناڵێ:

خەج :

جا ژینم بۆ چییە ؟
من گیانم بۆ چییە؟ بێ گیانی سیامەند
چۆن بڵێم ئەوەتاخەجەکەی سیامەند

کۆرس :

قەدەری ئەم عەشقە وەها بوو،
دوو دڵبەر دوو فریشتەی خودایی
وەک دوو زام بە بەژنی دارێکا  ئاڵابوون
وەک دوو مەل لە شەقەی باڵیان داو ئاوا بوون
قەدەری ئەم عەشقە وەها بوو
بۆ دواجار ئەو کیژە ژیانی بێ عەشقی جێ هێشت و

بەرەو ئامێزی خوێناوی دولبەرەکەی خۆی خۆی هاوی
بەهاریش تێپەڕی هەواری ئەو خێڵە
لێوان لێو لەحەسرەت
هاوین هات نەبێری دەچنە وە بنار
نەکورو کاڵ بڕستی چڕینی سترانیان تیا ماوە
کە پایز بە سروەی وەرینی گەڵاوە
دەبێتە خانە خوێ
بە دوو چاو دەبینرێ
لە ئاسمان
لەڕێچکەی زڕکەفتی مەلانا
هەڵۆیەک دەبینرێ زامدارە
لەپێشی پێشەوە سەردەکا
بڵێسەی دەرونی دەگاتە کەشکەلان
ئەو هەڵۆ زامدارە
ئەو عەشقە هەژارە
رۆحی شکستەی سیایە دەڕوانێ
گیانی نەسرەوتی لاوخاسی چیایە
ئێوارێ لەگۆشەی تروشکەی کیژانی نێو گونددا
چاوەڕێی دەرکەوتی دڵبەرەو نازانێ
خەجێ خان هەر دوای ئەو
بەناڵەوهەنسکو گریەوە رۆحی خۆی نارد بۆلای ئەو
نازانێ هەر تەنها رمێکی خۆر هەڵات
ئەو جێی هێشت ژیانی نەفرینو
بەرەو لای عاشق و دڵبەری خۆی هەڵات.

2011/7/26